هەرێمی کوردستانی عێراق
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ١٣

١٩٩٥_١٩٩٦ ـ بەرگی سیانزدەیەم

چاپی یەکەم ١٩٩٧

# پێڕست:

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٥ شەمە

ڕێكەوتی ١٩٩٥/٥/٢٧ ـ دارەبەن ـ ———— ل٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٦ دووشەمە

ڕێكەوتی ١٩٩/٦/٣. ———— ل١١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی ساڵی ١٩٩٦ سێ شەمە

ڕێكەوتی ١٩٩٦/٩/٣. ———— ل١٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (١) دووشەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/٩/١٦ ———— ل٣٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) دووشەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/٩/٢٣ ———— ل٤٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) پێنج شەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/٩/٢٦ ———— ل٦١

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) سێ شەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/١١/٥ ———— ل٨٣

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) چوارشەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/١١/٦ ———— ل١٣٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) شەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/١١/٩ ———— ل١٦٥

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) چوارشەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/١٢/١٨ ———— ل١٩٩

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) پێنج شەمە ڕێكەوتی ١٩٩٦/١٢/١٩ ———— ل٢٦٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی

## شەممە ڕێکەوتی ٢٧/٥/١٩٩٥ لەدارەبەن

***کاتژمێر (١١)ی سەرلەبەیانی رۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٧/٥/١٩٩٥ لەدێی دارەبەن ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستان بە سەرۆکایەتی بەڕێز جوهر نامق سالم سەرۆکی ئەنجوومەن و، بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆک بەڕێز نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغاو، سکرتێری ئەنجوومەن بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا، دانیشتنی ژمارە (١)ی نائاسایی خولی یەکەمی ساڵی (١٩٩٥) خۆی بەست. سەرەتا لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتییەوە رادەی یاسایی دانیشتنەکە چەسپێنراو. ئەوجا بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنەکەی دەست پێکرد.***

***بەرنامەی کار:***

***١ـ درێژ کردنەوەی خولی هەڵبژاردنی یەکەمی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان بەناوی گەلی کوردستانەوە ئەم دانیشتنە نائاساییەمان لە دێی دارەبەن دەکەینەوە، بەخێرهاتنی هەمولایەکتان دەکەین. پێشەکی بەرلەوەی کە دەست بە بەرنامەکەمان بکەین لەدەستەی سەرۆکایەتی بەپێویستمان زانی کە بۆ دەقیقەیەک بۆ گیانی پاکی خوالێخۆشبوو مامۆستا«مەلا محەمەد شەریف تاهیر» ی ئەندامی پەرلەمان رابوەستین، کەپێش چەند رۆژێک وەفاتی فەرموو.

بەرنامەکەمان وەکو ئاگادار کراون، یەک خاڵە ئەویش، بۆ درێژە پێدانی ئەم خولە ئینتخابییە، واتە خولی پەرلەمانی ئەم ساڵمان خەریکە تەواو دەبێت، بۆیە بە پێویست زانرا ساڵێک درێژەی پێ بدرێت بۆ ئەوەی بتواندرێت لەماوەی ئەم ساڵەدا هەڵبژاردنێک ئەنجام بدرێت. پێشنیارەکە ئەوەیە ئەم خولەی پەرلەمان لە٤/٦/١٩٩٥ـەوە

تاكـو٤/٦/١٩٩٦درێژ بكرێتـەوەو، ئێسـتـاش جـەنابی سكرتێـر ئەو پرۆژەی ئەم یاسـایە دەخوێنێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سكرتێری ئەنجوومەن:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق،**

**رقم القرار« »**

**تاريخ القرار « »**

**قرار**

استنادا الى احكام الفقرة «١» من المادة«٥٦»من قانون المجلس الوطني لكوردستان العراق رقم«١» لسنة١٩٩٢ قرر المجلس الوطني لكوردستان العراق بجلسته غير الاعتيادية المنعقدة في قرية دارەبەن - اربيل بتأريخ ٢٧/٥/١٩٩٥اصدار القانون الآتي:

**قانون رقم« »لسنة ١٩٩٥**

**قانون تمديد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان العراق**

**المادة الاولى - تمدد الدورة الانتخابية الاولى للمجلس الوطني لكوردستان العراق سنة واحدة اعتبارا من ٤/٦/١٩٩٥**

المادة الثانية: ينفذ هذا القانون من تأريخ اقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**جوهر نامق سالم**

**رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەوە دەخەنیە دەنگدانەوە، ئێستاکە ئەگەر چ تێبینی هەیە لەسەر ئەمەی کە خوێندرایەوە بیخەنە پێش چاو، ئەگەر نییە بابخرێتە دەنگدانەوە. دیارە کە هیچ تێبینی نییە؟ مادەی یەکەم دەخوێندرێتەوە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الاولى: تمدد الدورة الانتخابية للمجلس الوطني لكوردستان العرق لمدة سنة واحدة اعتبارا من ٤/٦/١٩٩٥.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بەتێکرای دەنگ پەسندکرا.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

المادة الثانية: ينفذ هذا القانون من تأريخ إقراره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەم مادەیەیە؟..کێ لەگەڵ نییە؟..ئەمەش بەتێکرای دەنگ پەسندکرا.
ئێستاش بەسەر یەکەوە وەکو یاسا کێی لەگەڵە؟..کێی لەگەڵ نییە؟..بەتێکرای دەنگ ئەم یاسایە پەسندکرا.

ئەم دانیشتنەمان بەم دەنگدانە تەواو بوو زۆر سوپاستان دەکەین، داوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەک دەکەین، تکایە ئەگەر لەحزەیەک دانیشن: بەپەسندمان زانی بەناوی دەستەی سەرۆکاتی وبەناوی ئێوەی بەڕێزەوە سوپاسی گشت لایەنە سیاسیەکان بکەین بۆ ئەو دەورەی کە بۆ پێکهاتنی ئەم دانیشتنە گێڕایان، هەروەها بۆ رۆڵی وڵات پارێزیان بۆ چارەسەرکردنی ئەم گیروگرفتەی کە ئەمڕۆ کوردستان پێی دا تێدەپەڕێ وبەتایبەتی سوپاسێکی بێ پایانی ئەو برایانەی ئەو حەوت حیزبە دەکەین کە لەو ماوەیەدا هەوڵیان داوەو بەردەوام هەوڵ دەدەن بۆ بڕاندنەوەی ئەم کێشەیە. هەروەها بەپێویستمان زانی

سوپاسی برایانی کاربەدستانی مزگەوتی دێی«دارەبەن» بکەین کە ئەو ماوەیەیان داین وئەو فرسەتەیان دا کە ئەم دانیشتنەمان لێرە ساز بکرێ وسوپاسی خەڵکی گوندی «دارەبەن» دەکەین کە رێزی ئێمەیان گرت ، هەروەها سوپاسی کە نیسەی مشرق دەکەین لەهەولێر کە بەشدارییان کردین بەناردنی ئەوتەختەو ئەو کەل و پەلانەی کە ئێستاکە ئێوە لەسەری دانیشتوون. سوپاسی کاک یونادەمیش دەکەین کە لەلای خۆیەوە ئەو مێزو کورسیەی پێشکەش کردین، کە ئەزیەتیان کێشاوە وکەرەمیان کرد بۆ سازدانی ئەم دانیشتنە. خوا هاوکاری هەموو لایەکمان بێت، زۆر سوپاس.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجوومەن**

**نەژاد ئەحمەد عەزیز ئاغا**
**جێگری سەرۆکی ئەنجوومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**